# بەشی دووەم: خەڵقکردنی مێژوو لە دەقی میتۆلۆژی ئۆدیسا و ئینیادە

## یونس تانج

" لە بنەڕەتدا هۆکاری نوسینی ئەم پەخشانەو ئەوەی دیکەش (بەشی یەکەم/ ئیلیادە)، بۆ مەرامێکی فێرکاریانە دەگەڕێتەوە، لە میانەی وانە وتنەوەمان لە ئامادەییدا.. بۆ زیاتر ئاشنابوون و درککردنی خوێندکاران داڕێژراوە، لەم سۆنگەیەوە ویستمان ئەم تێکستە خوێنەران و قوتابیانی دیکەش سوودی لێ ببینن و ببێتە هاندەرێک بۆ خوازیارانی داستانە کلاسیکییەکان، تاکو دەستیان بە دەقە ئەسڵی و تەواوەتییەکانی ئەم میتۆلۆژیا بالآیانە ڕابگات و بیخوێننەوە"

**ئۆدیسیۆس**(Odysseus) **یان یۆلیسیس** (Ulysses) پاشای شارە دەوڵەتی **ئیتیکا** (Ithaca) بوو، پاش تەواوبوونی **جەنگی تەڕوادە**(The Trojan war) کە دە ساڵی ڕەبەق دەخایەنێت، خۆی و کەشتی و پیاوەکانی بەڕێدەکەون بگەڕێنەوە شاری ئیتیکای یۆنانی، بەڵام بەهۆی ڕقی خواوەندەکانەوە ماوەی دە ساڵ لە دەریادا گیردەخۆن، بەمەوە دەکاتە بیست ساڵ کە پاڵەوانەکە لە خێزان و کوڕەکەی دوورکەوتوەتەوە، بێگومان بیرۆکەی **ئەسپە دارینەکەی جەنگی تەڕوادە**(The Trojan Horse) دەگەڕێتەوە بۆ ئۆدێسیۆس، ئەو ئەسپە دارینەی سەربازە یۆنانییەکان خۆیانی لەناو حەشاردەدەن و تەڕوادەییەکان وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو ڕاپێچی ئەودیوی قولەو شورا تۆکمەکانی تەڕوادەی دەکەن و دواجار دەبێتە سیمبولی سەرکەوتنی یۆنانییەکان بەسەر شاری تەڕوادەدا، زۆرجار ئەم پاڵەوانە بە ئۆدیسیۆسی فێڵزان ناودێر دەکرێت، خاوەنی بیرتیژی و کارامەییەکی یەکجار بێ وێنە بووە، لێرەدا هەوڵدراوە پەردە پەردە وێستگەی ئەو ڕووداوە پڕ لە سەرکێشیانە بخرێتە ڕوو کە ئۆدیسیۆس و پیاوەکانی بەرەو ڕووی بوونەتەوە. **پینیۆلۆپی**(Penelope) هاوسەری یۆلێسیس بیست ساڵ دڵسۆزانە لە چاوەڕوانی هاوسەرەکەیدا دەمێنێتەوە. لێرەدا سەرجەم ئەو وێستگە پڕ ماجەرایانەی ئۆدیسیۆس و پیاوەکانی پێیدا تێدەپەڕن بە ڕیزبەندی بەسەرکراونەتەوە.

### **خاکی سیکوێزەکان** The Cicones

لە میانەی گەشتەکەیان و هیلاک بوونیان ئۆدیسیۆس و پیاوەکانی بە دوازدە کەشتییەوە بۆ حەسانەوە و بەدەستهێنانیی خواردن ڕوو دەکەنە ئەم سەرزەمینە، خەڵکی ئەوێ وادەزانن چەتەی دەریان و هاتوون پەلاماریان بدەن، ڕادەکەن بەرەرەو شاخە بەرزەکان، لەم خاکەدا جۆرە بادەیەکی شیرین و کاریگەر پیاوەکان مەست دەکات، ئۆدیسیۆس داوایان لێدەکات بە خێرایی شوێنەکە جێبهێڵن بەڵام ئەوان ڕەتیدەکەنەوە وەها زوو بگەڕێنەوە ناو گەشتی تاقەتپڕووکێنی

دەریا، درەنگانی شەو خەڵکەکە لە شاخەکان بە پێدزکێ دێنە خوارەوە و پەلاماریان دەدەن و زۆریان لێدەکوژن، بۆیە بە پڕتاو دەگەڕێنەوە ناو کەشتییەکان و دووردەکەونەوە، ئۆدیسیۆس لەوێدا ژمارەیەک لە پیاوەکانی لەدەستدەدا.

**سەرزەمینی لۆتسخۆرەکان** The louts eaters

گەردەلولێکی دەریاکە ئەوانی بەرەو خاکی نیلۆڤەرخۆرەکان ڕاپێچکرد، پیاوەکان لەوێ جۆرە گیایەکی بێهۆشکەریان پێشکەشکرا، وردە وردە خۆیان و گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان لەبیرکرد، ڕەتیانکردەوە وڵاتی نیلۆڤەر خۆرەکان جێبهێڵن، ئۆدیسۆس بە زۆر ئەوانی پاڵدەنایە ناو کەشتییەکان، تەنانەت بە جۆرێک ئاڵودە ببوون بەشێکیان خۆیان بە دیوار و دار و بەردەوە هەڵدەواسی بە خاتری ئەوەی ئۆدیسیۆس لەگەڵ خۆی نەیانباتەوە.

**دورگەی سایکلۆپس و پۆلیێفیمۆسی زەبەلاح** Polyphemus the cyclops (**نەفرەتی پۆسایدۆن**)

پاش مانەوەی چەند هەفتەیەک لەناو دەریا، دوورگەیەکی سەیر دەبینن، لە کەنارەکانی لەنگەر دەگرن، ئۆدیسیۆس خۆی دوورگەکە دەپشکنێت و چاویان بە ئەشکەوتێکی زارک گەورە دەکەوێت، ژوورەوەی پڕە لە شیر و پەنیرو مەڕومالاتی ئێکجار کەتەو زل، بێئاگا لەوەی ئەو شوێنە دوورگەی زەبەلاحەکانە، پیاوەکان دەست دەکەن بەخواردن و خواردنەوە و ڕابواردن، لە پڕ پۆلیێفیمۆسی زەبەلاح (Polyphemus) بە ژوور دەکەوێت و زاری ئەشکەوتەکە بە تاشە بەردێکی زەخم دادەخات، ئەگەرچی بۆی ڕوون دەکەنەوە ئەوان چەند دەریاوانێکن ڕێگەیان ونکردووە، بەڵام پۆلیێفیمۆسی یەک چاو تووڕە دەبێت و دوو سێ پیاو لە دەستەکە دەخوات، ئۆدیسیۆس خاوەنی پلانی خۆیەتی، بادە پێشکەشی زەبەلاحەکە دەکات، ئەویش دەپرسێت کەوا ناوی چییە؟ ئۆدیسییۆس لە وەڵامدا دەڵێت "ناوم هیچ کەسێکە Nobody"، هەڵبەتە ئۆدیسیۆس بە ژیری خۆی بۆچوونی هاوڕێکانی ڕەتدەکاتەوە بۆ کوشتنی زەبەلاحەکە، چونکە دەزانێت ئەگەر بێ و زەبەلاحەکە بکوژن.. هەرگیز ناتوانن بەردی زارکی ئەوشکەوتەکە لاببەن، بۆیە کوێری دەکەن، زەبەلاحەکە لە تاو ئێش و ئازار تاشە بەردەکە لادەبات و پڕ بە دورگەکە دەنەڕێنێ "هیچ کەس کوێری کردم"... بۆیە زەبەلاحەکانی دیکە گوێی پێنادەن وادەزانن خۆی-خۆی کوێرکردووە و دەگەڕێنەوە، ئۆدیسیۆس لە میانەی دەربازبوون و هاتنەدەرەوەیان لە ئەشکەوتەکە، هەڵدەستێت هەریەکە لە پیاوەکانی بە ژێر سکی مەڕێکەوە دەبەستێتەوە،

خۆیشی خۆی بە تیسک و مووی سەری بزنێکەوە هەڵدەواسێ، پاش سەرکەوتنە ناو کەشتییەکانیان، ئۆدیسیۆس بە گاڵتەجارییەوە هاوار لە زەبەلاحەکە دەکات کەوا "ئەوەی کوێری کردی ئۆدیسیۆس بوو پاشای ئیتیکا"، پۆلێفیمۆسی زەبەلاح لە لای پۆسایدۆن (Poseidon)ی باوکی کە خواوەندی دەریایە سکاڵا دەکات، ئەویش ئۆدیسیۆس بە نەفرەت دەکات، ئیتر لەمەودوا کاریگەرییەکانی نەفرەتەکە بەرچاو دەکەوێت.

**دوورگەی ئیۆلۆس** The island of Aeolus

ئۆدیسیۆس و پیاوەکانی لە دوورگەی ئیۆلۆس (Aeolus)ی خواوەندی با لا دەدەن، گوێیان لێ دەگرێت و تورەگەیەکی پڕ لە بایان پێدەدات کە ڕێنمویی گەشتەکەیان دەکات بۆ گەیشتنەوە بە زێدی خۆیان، بەو مەرجەی بە هیچ جۆرێک لە ڕێگە تورەگەکە نەکەنەوە تاوەکو لە ئیتاکا دادەبەزن، زۆر نزیک دەبنەوە لە گەیشتن بە شارە دەوڵەتەکەیان، کاتێک ئۆدیسیۆس لە گەرمەی خەودایە و ناتوانێ پاسەوانی لە تورەگەکەی بکات، دوو لە پیاوە فزوڵییەکانی پڕکێشی دەکەن و سەری تورەگەکە هەڵدەپچڕن، لە پڕ زریان و گەردەلولێکی ئەوتۆ سەرهەڵدەدات، چەندان پیاو با هەڵیاندەفڕێنێت، دیسانەوە ڕێگەی گەڕانەوەیان لەبەردەم ون دەبێت، کەشتییەکان ڕاپێچ دەبنەوە دورگەی ئیۆلیۆس، بەڵام ئەم جارەیان خواوەندی با ڕەتیدەکاتەوە یارمەتیان بدات، چونکە مەرجەکەیان پێشێلکردووە.

**ڕاکردن لە دوورگەی زەبەلاحەکانی ئیلیسترۆجین** Fleeing the Lagerstroemias

لە نزیک بوونەوەی کەشتییەکان لە دوورگەیەکی نامۆ، زەبەلاحەکانی دوورگەکە هاتنە دەرەوە و هاواریان دەکرد، لە کەناری دوورگەکەیانەوە بەردی گەورەیان دەگرتە کەشتییەکان، سەرباری تەقەلای ڕاکردن و دوورکەوتنەوەیان سەرجەم کەشتییەکانیان تێکشکاند، زۆربەی ئەو پیاوانەی نزیک بوون لە کەنارەکە بوونە ژەمە خۆراکی زەبەلاحەکان، تەنها کەشتییەکەی ئۆدیسیۆس و ئەو پیاوانەی لەگەڵی بوون ڕزگاریان بوو.

**خاکی سیرێیسی جادوگەر** The sorceress Circe

پاڵەوانە یۆنانییەکە و پیاوەکانی هەمدیسان بەهۆی ڕەشەباو نەفرەتی پۆسایدۆنەوە، بەرەو دورگەی سێرییسی جادوگەر ڕاپێچ بوون، ئۆدیسیۆس داوا لە چەند پیاوێک دەکات بڕۆن و دورگەکە بپشکنن و سۆراخی ئەوە بکەن کە لە کوێن و گەیشتوون بە کوێی ئەم زەریا پان و پۆڕە، پیاوەکان لەلایەن سیریۆیسی جادوگەرەوە میوانداری دەکرێن و جۆرە خواردنەوەیەکی سیحرییان پێدەدرێت، دەگۆڕێن بۆ بەراز و مەیمون و پشیلە، تەنها یەک لە پیاوەکان ڕزگاری دەبێت و بە خێرایی دەگەڕێتەوە ئۆدیسیۆس ئاگادار دەکاتەوە، ئۆدیسیۆس داوای یارمەتی لە هێرمس(Hermes) پەیامبەری خواوەندەکان دەکات، ئەویش جۆرە خواردنەوەیەکی تایبەتی پێدەدات، بۆیە کە دەچێتە لای سیریۆس و دەبینێت جادوەکە کار لەو ناکات، زۆر سەرسام دەبێت و پیاوەکان دەهێنێتەوە سەر شێوەی خۆیان و میوانداریيەکی گەرمیان دەکات و ماوەیەکی درێژ لەوێ دەمێننەوە، ئەو کاتەی ئۆدیسیۆس دەیەوێت دورگەکە جێبهێڵێت، سیرییۆس ئامۆژگاری ئەوەی دەکات کە بچێتە جیهانی مردووان(Hades) بۆ لای پەیامبەر تێرێسیۆس(Tiresias)ی ئایندەبین.

ئۆدیسیۆس و پیاوەکانی بە ڕێدەکەون بۆ جیهانی ژێرەوە (سفلی-Underworld)، وێردی تایبەت دەخوێنن و لە دەروازەی جیهانی مردووان مەڕێک دەکەنە قوربانی، ئینجا ئۆدیسیۆس هەنگاو دەنێتە ژوورەوە، لەوێ چاوی بە ڕۆحیانەتی کۆمەڵێک و هاوڕێ کەسایەتی و پاڵەوان دەکەوێت، گرنگترینی ئەم کارەکتەرانە دەستنیشان دەکەین یەک بەدوای یەک:

- **تیرێسیۆسی نابینای غەیبزان** دەردەکەوێت، نابینایەکە ئەو شتانە دەبینێت کە زیندووەکان ناتوانن ببینن، ئۆدیسیۆس لێی دەپرسێت "چارەمان چیە چۆن بگەینەوە بە شاری ئیتیکا" ئەویش ئاگاداری دەکاتەوە کە " گەمژەییەکی گەورەی کردووە و پۆسایدۆنی خواوەندی زەریاکان لێی توڕەیە" ڕێنمایی دەکات لەگەڵ پیاوەکانی دادپەروەربێت، لە ڕێگە قوربانی بدات بە چەند پیاوێکی بەرامبەر ئەژدیهاکانی شیلا و شیرایابدس (Scylla and Charybdis)، هەروەها بە هیچ شێوەیەک لە مانگاکانی خواوەندی خۆر(Helios) نزیک نەبنەوە، ئینجا دەگەنەوە بە ئیتاکای مەملەکەتی خۆیان.

- ئانتیکلیا(Anticlea)ی دایکی دەبینێت و ڕێگەی پیشاندەدا، باسی ئەوەیشی بۆ دەکا ئیتر لەوە زیاتر بەرگەی دووری و چاوەڕوانی کوڕەکەی نەگرتووە و خۆی بە دەریادا داوە.
- ئێلپینۆر(Elpenor) کە یەکێکە لە دەریاوانەکانی یۆلیۆس و گلەیی ئەوەی لێدەکات کە پاش کەوتنی لە بانیژەکە، جەستەکەی گرنگی پێنەدراوە، بۆیە ڕۆحی نا ئارامە، پێویستە لاشەکەی بە ڕێک و پێکی سپاردەی خاک بکرێت.
- ئاگامەمنون(Agamemnon)ی فەرماندەی گشتی لەشکری تەڕوادە و پاشای شاری میسینیە(Mycenae)، ئاگامەمنون یۆلیۆس لە خیانەتی ژنان ئاگادار دەکاتەوە، باسی حاڵی خۆی بۆ دەکات کە چۆن پاش گەڕانەوەی لە جەنگی تەڕوادە ژنە خیانەتکارەکەی کلای تیمێنسترا (Clytemnestra) لە پێناو دۆستەکەی خافڵکوژی کردووە،
- ئەخیل(Achilles) ناودارترین پاڵەوانی یۆنان و تەڕوادە، ڕستەیەکی بەناوبانگ بە یۆلۆس دەڵێت: "بوون بە کۆیلە لەلای کەسێکی هەژار باشترە لە بوون بە پاشا لە جیهانی مردووان".

ئەمە گوزارشتە لەوەی کە پلەو پۆست و پایەو ناوبانگ و ماددە لە دونیای مردووان هیچ مانایەکیان نیە، تەنانەت کۆیلەی هەژارترین مرۆڤ بیت لە دونیا باشترە لەوەی ئیمپڕاتۆرێک بیت و بکەویتە جیهانی بەرزەخ.

- ئەیاکس(Ajax the great)ی مەزن پاڵەوانی تەڕوادە، توڕەیەو ڕەتیدەکاتەوە ئۆدیسیۆس بدوێنێت، چونکە پاش مردنی ئەخیلی قارەمان بڕیارە قەڵغانە ناوازەکەی بدرێت بە ئەیاکس، بەڵام بە پێچەوانەوە دەدرێت بە ئۆدیسیۆس، بەمەش هەستی شەرمەزاری و تلانەوە ئەیاکس دادەگرێت و بڕیار دەدات خۆی بکوژێت.

جیا لەمانە ئۆدیسیۆس چاوی بەوانە دەکەوێت کە تا هەتایە بە هۆی تاوانەکانیانەوە لە دۆزەخدا ئەشکەنجە دەدرێن

. تانتالۆس(Tantalus) یەکێک لە کوڕەکانی زیوسە لەسەر شێوازی نیوە خودا(Demigod)، سزا دراوە بە برسیەتی و تینوێتی یەکجارەکی، هەر کاتێک ئاو و خواردنی نزیک دەبێتەوە لە پڕ لێی دیارنامێنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ویستی توانای مەعریفی خواوەندەکان تاقیبکاتەوە، کاتێک هەستا بە سەربڕینی (Pelops)ی کوڕی و تاوەکو گۆشتەکەی وەک و خواردن

پێشکەش بە خواوەندەکان بکات، سەرباری ئەوە خواردنەکانی نەمریبوونی (Ambrosia) و (Nectar)ی دزی بۆ ئەوەی بیدات بە مرۆڤ.

. سیزیف(Sisyphus) پاشای شاری کۆرنێسە(Corinth) زۆر بلیمەتە دەتوانێت(Thanatos) خواوەندی مەرگ دەستبەسەر بکات، تاکو چیتر نەتوانێت گیانی مرۆڤ بکێشێت، هەروەها نهێنی خواوەندەکان بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکات، بۆیە سزادەدرێت بەوەی هەرکاتێک تاشە بەردەکە سەردەخات بەرەو لوتکەی شاخەکە دووبارە غلۆر دەبێتەوە، دەبێت دیسانەوە لە سەرەتاوە دەستپێبکاتەوە، ئەمەش وەک پەندێک بۆ ئەوانەی دەیانەوێ دەستکاری نەوامیسی گەردوونی و یاسا کۆنکرێتییەکانی سروشت بکەن.

. دیمەنی تیتیۆس(Tityos)ی زەبەلاحی نیوە خودا.. یۆلێسیس بە چاوەکانی خۆی دەیبینێت کە بەردەوام هەڵۆکان جگەری لەت و پەت دەکەن و دەیخۆن، دیسانەوە جگەرەکە لە نوێوە چاک دەبێتەوە و ئەشکەنجەکە بەبێ دوماهی هاتن دووبارە دەبێتەوە، هۆکاری مەحکومکردنی تیتیۆس بەم ئەشکەنجە سەختە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەر(Leto) لیتۆی ژنە خواوەند کە دەکاتە دایکی هەردوو خواوەند(Apollo) ئەپۆڵۆ و (Artemis) ئارتەمیتس ،

**دورگەی سیرێنزەکان** The island of Sirens

پاش هاتنەوەیان بۆ جیهانی سەرەوە(علوی)، دورگەی جادوگەر سیرییێس جێدەهێڵن، بە دەریادا ڕێگە دەگرن، پاش چەند ڕۆژێک مانەوە لە ناو ئاو.. گوێیان لە دەنگ و ئاوەزێکی دڵکێشکەر دەبێت، تومەز نزیک بوونەتەوە لە دورگەی زەبەلاحەکانی سیرێنز(Sirens) کە شێوەی خۆیان گۆڕیوەتە سەر ئافرەتی شۆخ و شەنگ و تاکو پیاوەکان بەلای خۆیاندا کێش بکەن و بیانخۆن، هەڵبەت ئەم پێشتر لەلایەن جادوگەرەکەوە بۆ ئۆدیسیۆس درکێندراوە، بۆیە هەڵدەستێت گوێی پیاوەکانی بە مۆم دەئاخنێت تاوەکو بەرەو دەنگەکە نەڕۆن،

**دورگەی هیلیۆس** The Island of Helios

لە ڕێگەیان بەرەو دورگەی هیلیۆس توشی ئەژدیهاکانی شیلا و شیرایابدس دەبن و نازانن چۆن دەربازیان بێت، شیلا ئەژدیهایەکی شەش سەر بوو لە وشکانی چاوەڕێی دەکردن، شیرایابدس گێژەڵوکەی لە ئاوەکە دروست دەکرد، پاش کێشمە کێشمێکی زۆر، ئۆدیسیۆس

بڕیار دەدات بەناو ئاوەکەو بەلای شیرایابدسدا تێپەڕێت و بەشێک لە پیاوەکانی بکاتە قوربانی.

پاش گەیشتنیان بە دورگەی خواوەند هیلیۆس، ئۆدیسیۆس داوایان لێدەکات هەرچی زووە دورگەکە جێبهێڵن، بەڵام پیاوەکان زێدە شەکەتن و ئەو فەرمانە ڕەتدەکەنەوە. دیارە دورگەکە پڕە لە مانگای پیرۆز، کاتێک چەند ڕۆژ تێپەڕی هیچیان بۆ خواردن پێنەما، ناچار بۆ دەستکەوتنی خواردن سەری یەکێک لە گایەکانی هیلیۆس دەبڕن، لەم کاتەدا ئۆدیسیۆس لە شیرین خەودابووە، وەختێک بێدار دەبێتەوە کار لە کار ترازاوە و کاتی سەرزەنشت کردن نەماوە، بە ئەسپایی هەیپای لێدەکەن دورگەکە جێدەهێڵن.

زیۆس(Zeus) گەورە خواوەندی شاخی ئۆڵۆمپۆس(Olympus)، ڕقی هەستاو زریانی توندی بۆ هەستاندن، ئەستێرەیەکی ڕاوەشاندە کەشتییەکەیان و تێکیشکاند، هەموو پیاوەکان مردن، تەنها ئۆدیسیۆس نەبێت، ئەویش بۆ ماوەی دە شەو دەست بە تەختە دارێکی بەلەمەکەیەوە دەگرێت و لە دەریادا دەمێنێتەوە.

**حەوت ساڵ لە زیندانەکەی کالیپسۆ Ogygia of Calypso**

کالیپسۆی پەری دەریا لە کەناری ئۆگیجیای دورگەکەی ئۆدیسیۆس بە بێهۆشی دەدۆزێتەوە و دەیگوازێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی خۆی، بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە ژێردەستەیی دەیهێڵێتەوە، بەردەوام خەونی ئەوەبوو لە ئایندەدا ببێت بە هاوسەری هەمیشەیی ئۆدێسیۆس. وێڕای ئەوەی هەندێک سەرچاوەی میتۆلۆژی ئاماژە بەوە دەدەن کە لەم ماوەیەدا کالیپسۆ و ئۆدیسیۆس، دوو منداڵیان بووە بەناوەکانی ناسیۆس Nausithous و ناسینیۆس Nausinous.
لە کۆتاییدا خواوەند ئەفرۆدیت(Aphrodite) کچە بەنازەکەی زیۆس داوا لەباوکی دەکات ئازادی بکەن، پاش کۆبوونەوە و ڕاوێژ لەگەڵ خواوەندەکانی شاخی ئۆڵۆمپۆس، زیۆس لە کۆتاییدا بڕیاری ئەوە دەدات کە پاشا ئۆدیسیۆس بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.

زیۆس فەرمان بە هێرمسی پەیامبەر دەکات بڕواتە دورگەکەی کالیپسۆ و پێیڕابگەیەنێت کە دەبێت هەرچی زووە دەست لە ئۆدیسییۆس هەڵبگرێت، کالیپسۆ ئێکجار نیگەران دەبێت، بەڵام ئاشکرایە دەسەڵاتی نیە بەرامبەر ویستی زیۆس، بەڵێنی ئەوە بە ئۆدیسیۆس دەدات کە بە نەمری دەیهێڵێتەوە ئەگەر جێینەهێڵێت، لێ پاڵەوانەکە ئەمە ڕەتدەکاتەوە و دەیەوێ بگەڕێتەوە زێدی خۆی بۆ لای خێزان و تاقە کوڕەکەی.

**خاکی فاسییەکان(Phaeacians)**

کالیپسۆی پەری دەریا ناچاربوو ڕێگەی ئۆدیسیۆس بدات جێیبهێڵێت، بۆیە شەپۆڵێکی بچوکی بۆ ڕامدەکات تاکو بەسەرییەوە بگاتەوە نیشتیمانەکەی، بەڵام توشی شەپۆڵی بەهێزی دەریا دەبێت و شکست دەهێنێت.

یولیسیس بە بێهۆشی دەکەوێتە ڕۆخی کەنارێک کە خاکی فاسییەکان بوو، هەڵیدەگرنەوە و دەیبەن بۆ دیوانی پاشاکەیان، لەوێ بە ڕێکەوت گوێبیستی پاڵەوانیەتیی یۆنانییەکان دەبێت لە جەنگی تەڕوادە، باسی ئەوە دەکەن کە یۆنانییەکان چۆن بەهۆی ئەسپێکی دارینەوە شاری گەورە و شاهانەی تەڕوادە تەخت دەکەن، ئۆدیسیۆس دڵی پڕ دەبێت بۆ ئەو ڕۆژگارە و خۆی لە خەڵکەکە ئاشکرا دەکات، پاشای فاسییەکان زیاد لە ئەندازە ڕێزی دەگرێت و بە خێراترین کەشتی و پیاوانی کارامەی کەشتیوان دەینێرێتەوە شارە دەوڵەتەکەی خۆی لە ئیساکا.

**ماڵەکەی ئۆدیسیۆس**

پاش جەنگی تەڕوادە و گەڕانەوەی یۆنانیەکان دیارە ماڵەکەی پاشا ئۆدیسیۆس پڕ بووە لە پیاوانی ئیساکا، خەوخوردیان هەر لەوێ کردووە، هەموو ڕۆژێک داوا لە پینۆلۆپی شاژن دەکەن کە بەسە چاوەڕوانیکردنی بێهودە لە ئۆدیسیۆس، ئەو مردووە و هەرگیز ناگەڕێتەوە.. بۆیە دەبێت شوو بە یەکێک لەوان بکاتەوە، ئەویش ڕەتی دەکاتەوە، چونکە دڵنیایە لە بەڵێنی گەڕانەوەی ئۆدیسیۆس، بۆیە ئەوە بە میوانە ڕەزاتاڵ و هەمیشیەییەکانی ڕادەگەیەنێت کە ئەو کەسەی تەرمی ئۆدیسیۆسی هاوسەرمم بۆ بگەڕێنێتەوە شووی پێدەکەم، بەم جۆرە ماوەیەک ڕایاندەگرێت، تیلیماخۆس(Telemachus)ی کوڕیان کە تەمەنی بووە بە بیست ساڵ زۆر پەرێشانی گەڕانەوەی باوکییەتی و دەڕوات بۆ شارە دەوڵەتی سپارتا(Sparta City) بۆ سۆراخێکی باوکی، مینیلاوس(Menelaus) ی برای فەرماندە ئاگامەمنون پێشوازییەکی گەرمی لێدەکا و باس لە دلێری و زرنگی باوکی دەکات و ئامۆژگاری دەکات کە ئاگاداری پاراستنی ماڵەکەیان بێت و وەک پیاوێکی پێگەیشتوو مامەڵە بکات.

**گەڕانەوە بۆ شارە دەوڵەتی ئیساکا**

لەگەڵ دابەزینی ئۆدیسیۆس لە ئیساکا، خواوەندی جەنگ و دانایی ئاتینا/ئەسینا(Athena) ئۆدیسیۆس دەکات بە پیاوێکی پیری بەرگ شڕوشیتاڵ.. بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، بەرەو ماڵەکەی دەڕوات، هەرکە لە ماڵەکەی نزیک دەبێتەوە.. دەبینێت لە کۆشکەکەی حەشاماتێکی زۆری خەڵک کۆبوونەتەوە، دیارە پینۆلۆپی خێزانی بەرەنجامی ئەو فشارانەی لەسەرییەتی، ئەم جارەیان مەرجی ئەوەی بۆ پیاوەکان داناوە کە ئەوەی توانی بە تیرو کەوانەکەی ئۆدیسیۆس تیرێک بهاوێژێت کە دوازدە ئەڵقە ببڕێت، ئەوا ڕاستەوخۆ شوو بەو کەسە دەکات، تێکڕای پیاوەکان لە هەوڵەکانیان شکست دەهێنن، پیرە پیاوە هەژارەکە دێتە پێشەوە و کەوانە تایبەتییەکەی خۆی بەکاردەهێنێت، کە تا ئەوکاتە تەنانەت کەس نەیدەتوانی چۆن لا لاستیکێکی کەوانەکە بخاتە سەر باڵەکەی دیکەی کەوانەکە، پیرەمێردەکە تیرەکە بە کەوانە تایبەتییەکەی دەهاوێژێت.. زیت تیرەکە هەر دوازدە ئەڵقەکە دەبڕێت، پینۆلۆپی سەرسام دەبێت و لەوە خاترجەم دەبێت کە ئەو بابایە نابێت کەس بێت، جگە لە ئۆدیسیۆسی هاوسەری نەبێت، ئیتر ئۆدیسیۆس بە هەماهەنگی لەتەک کوڕەکەیدا لەگەڵ پیاوەکان دەکەوێتە شەڕەوە.. تاوەکو سەرجەمیان لە کۆشکەکەدا لەناو دەبات، دواتر دەگەڕێتەوە سەر شێوەی خۆی و لەگەڵ خێزانەکەی بەیەکدی شاد دەبنەوە.

# بەشی سێیەم: خەڵقکردنی مێژوو لە دەقی میتۆلۆژی ئینیاد

## یونس تانج

**ڤێرجیل٧٠-١٩پ.ز(Virgil)** هۆزانڤانێکی ڕۆمانییە بە زمانی لاتینی **ئەفسانەی ئینیادە (The Aeneid)دەنوسێتەوە**، ئەمەش لەسەر داوای **ئۆگستۆس٦٣پ.ز-١٤ز (Augustus)** دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتی ڕۆمانی کە دەخوازێت مێژووی کۆنی ڕۆمای بۆ بنوسێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە بۆی دروستبکات.

لەم سەربەندەوە ڤێرجیل لە داستانی ئەنیادەدا باس لەوە دەکات چۆن لە ساتی کەوتنی شاری تەڕوادەTroy یەکێک لە پاڵەوانە تەڕوادەییەکان بە ناوی **ئینیاس(Aeneas)**ی کوڕی **ئانکسیز(Anchises)** کە لە خزمانی تەڕوادەییەکانە، بەرگرییەکی دلێرانە بەرامبەر گەلەکۆمەکێی یۆنانییەکان دەکات، وەلێ لە گەرمەی شەڕدا قاچی زامدار دەبێت و لەلایەن

دایکییەوە خواوەندی جوانی **ڤینۆس** (Venus) دوور دەخرێتەوە بۆ دەرەوەی مەیدانی جەنگ، هاوکات ئەنکسیزی مرۆڤ کە یەکێکە لە مێردەکانی ڤینۆس لە پێشتردا ڤینۆس لەگەڵی خەوتووە و ئینیاسیان بووە.

ڤینۆسی دایکی بە ئینیاس ڕادەگەیەنێت کەوا خوداکان فەرمانت پێدەکەن بەرەو ڕۆژئاوای ئیتاڵیا کۆچ بکەیت و شارێک لەوێ بونیاد بنێیت، ئانیاس و هاوەڵانی لە تەڕوادەییەکان بەڕێکەوتن و لە ڕێگەدا توشی گەلێک بەربەست و ئالانگاری بوونەوە، تا ئەوەی بە کۆمەکی ڕاستەوخۆی خواوەندەکان دەگەن بە هەرێمی **لاتیۆم** (Latium- Lazio) لە ئیتاڵیا، بە تێکەڵبوونی ئەو تەڕوادەیانە و دانیشتووانە خۆماڵیەکەی ئەوێ.. لە دواتردا گەلێک دروست دەبێت کە پێیدەوترێت لاتینی، وەک ئاماژەیەک بۆ ناوی **لاتینیۆس**(Latinus)**ی پاشای لاتیۆم**، وێڕای ئەوەی پاشای گۆڕین کچەکەی پێشکەش بە ئینیاس دەکات و بەشێک لە خاکەکەی پێدەبەخشێت، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار.. بەرە لە دوای بەرە نەوەکانی ئینیاس دەسەڵات دەگرنە دەست، تاکو دەگات بە **پازدەهەمین** نەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کیبڕکێی نێوان هەردوو براکە **ئۆمیلیۆس**(Amulius) و **نۆمیتۆر**(Numitor) و هەڵپەیان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، **ئۆمیلیۆس** دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێ و براکەی دەخاتە زیندان و **ریا سێلڤای**( Rhea Silvia) کچیشی دەکات بە ڕەبەنی پەرستگەیەک بۆ ئەوەی هاوسەرگیری نەکات.

**خواوەند مارس**(Mars) دڵی بە **ریا سێلڤا** دا دەچێت و لە ئەنجامدا دوو کوڕی دووانەیان دەبێت، وەختێک ئۆمیلیۆسی مامی بەوە دەزانێت قینی هەڵدەستێت و برازەکەی لە دار دەداو دووانەکان دەخاتە سەبەتەیەک و فڕێیاندەداتە ڕووباری **تەیبەر**(Tiber River)، بەڵام بە فەرمانی خواوەندەکان **ڕووباری تەیبەر** بە سەلامەتی کۆرپەکان دەگەیەنێتە کەناری وشکانی و **کاپیتۆلینا**(Capitoline Wolf)ی دایکە گورگ شیریان پێدەدات، تاوەکو لەلایەن شوانێکی پاشاوە دەدۆزرێنەوە و بە نهێنی بەخێویان دەکات، پاش ئەوەی گەورە دەبن و نهێنییەکەیان بۆ ئاشکرا دەبێت، هەڵدەکوتنە سەر کۆشکی **ئۆمیلیۆس** (برای باپیرەیان) و لەناوی دەبەن، نۆمیتۆری باپیرەیان لە زیندان دەردەهێنن و دەیکەنەوە بە پاشا.

پاشتر لەسەر ڕێکنەکەوتنی جێگەی دروستکردنی شارە تازەکە **ڕۆمۆلۆس**(Romulus)، **ڕیمۆس**(Remus)ی برای دەکوژێت، سەرەنجام پەشیمان دەبێتەوە و شارە نوێکە بە ناوی براکەی دەکات (ڕۆما).

لێرەوە بنچینەکانی دامەزراندنی **شارستانییەتی ڕۆمانی** دادەڕێژرێت کە **قۆناغی یەکەمی پاشایەتی لە ٧٥٣-٥٠٩پ.ز** دەستپێدەکات. فەرمانداریيەکە لە ڕۆمۆلۆس دەستپێدەکات تاوەکو حەوتەمین پاشا، **قۆناغی دووەمی کۆماری لە ٥٠٩پ.ز- ٢٧ز**، دەخایەنێت کە لەڕێگەی دوو کونسڵەوە ساڵانە فەرمانڕەوایی دەکرێت، لێرەدا پاشایەتی نامێنێت، تا کۆتایی هاتنی ئەم

قۆناغە نزیکەی ١٠٤٦ **کۆنسڵ** بە جووتە حوکمڕانی دەکەن. **قۆناغی سێیەمی ئیمپڕاتۆری ٢٧پ.ز-٤٧٦ز** بە هەرەسی ڕژێمی کۆماری دەستپێدەکات لە سەر دەستی **ئۆگستۆسی یەکەم** کە خۆی ناو دەنێت ئیمپڕاتۆڕ، تاوەکو دەگات بە شاڵاوی خێڵە جێرمانییەکان و لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتەکە ئیدی کۆتایی بەم قۆناغە دێت، لە ماوەی ئەم **٥٠٣** ساڵەی ئیمپڕاتۆرییەت **١٠٧ ئیمپڕاتۆر** فەرمانڕەوایی دەکەن، **قۆناغی چوارەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز ٩٦٢ز-١٠٨٦ز**، بریتییە لە زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی لەلایەن **کڵێسەی ڕۆمانی کاسۆلیکی** و پاپا **یۆحەنای دوازدەهەم**(٩٣٧-٩٦٤ز)، **ئۆتۆی یەکەم**(٩١٢-٩٧٣ز) دەکرێت بە یەکەم ئیمپڕاتۆری ئەم قەوارە ئیتاڵییە- فڕەنکییە.

شایەنی باسە **قۆناغی ئیمپڕاتۆرییەتی بیزەنتی(٣٩٥-١٤٥٣ز)** لەلایەن **قوستەنتینی مەزن(٣٠٦-٣٣٧ز)** دامەزراوە، بە درێژکراوەی حوکمی ڕۆمانییەکان دادەندرێت لە بەری ڕۆژهەڵات، تاکو لەساڵی **١٤٥٣ز** کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەوانیش دێت لە قوستەنتینییە.

ئەمەیە خەڵقکردنی مێژوویێک لەسەر بنەمای ئەفسانەو زەقکردنەوەی هێزە مێتافیزیکییەکان و جوتبوونی خواوەندەکان لەگەڵ مرۆڤەکان و خستنەوەی نەوە، ئەمەش بۆ پیشاندانی شکۆمەندی و جەبەروتی ڕۆمانییەکان و باوانیان، مێژوویێک تا کەمەری نوقمی خوڕافەت و پاڵەوانانی مرۆیی بە خوداوەند بووە، تەنانەت یۆلیۆسی قەیسەر(١٠٠پ.ز- ٤٤ز) بەردەوام شانازی بەمەوە دەکرد کە ئینیاس باپیرە گەورەیانە، ئەم جیا لەوەی **ئەکسیزی** باوکی **ئینیاس** لەگەڵ **خواوەند ڤینۆس** هاوسەرگیری کردووە! پاشتر **دیا سێلڤای** دایکی **ڕۆمۆلۆس و ریمۆس** لەگەڵ **خواوەند مارس** هاوسەرگیری دەکات! بەو مانەیەی **ڕۆمۆلۆس و ریمۆس** کوڕانی خواوەندن.

**ژێدەرەکان**


1- Edith Hamilton, Mythology: Timeless Tales of Gods and Heroes, 1st ed. (New York: Little, Brown & Co., 1942).
2- Virgil. The Aeneid. 1st ed. Translated by Robert Fagles. New York: Penguin Classics, 2006.
3- Homer. The Odyssey. 1st ed. Translated by Emily Wilson. New York: W. W. Norton & Company, 2017.



**ی. تانج**


**کانونی یەکەمی ٢٠٢٥**